# مێژووی واتاسازی

# لای گریکەکان:

- **<u>لای عەرەبەکان:</u>**

- **واتاسازی لە ئەوروپا:**

# سۆسێر لەبارەی واتاوە دوو شتی لێکجیاکردۆتەوە

یەکەم: بەهای زمانیی وشە.

دووەم: ئەوەی کە پێویستە لەوشەکەدا نیشان بدرێ.

## پێناسەو چەمکی واتاسازی

واتاسازی زانستێکە لە واتا دەکۆڵێتەوە

واتاسازی لە دیوی ناوەوەی هێما دەکۆڵێتەوە

مەرجی سەرەکی تیایدا بوونی هێمایە، تا بتوانێ واتا هەڵبگرێ، چونکە چارەسەری گرفتی هێما زمانییەکان لە وشەو رستەدا دەکا.

واتا دیاردەیەکی ئاڵۆزە پەیوەندی بە گشت بوارە جیاجیاکانەوە هەیە چ بەرجەستەبێ یان نابەرجەستە.... بەڵام ئەم دیاردەیە تەنیا پەیوەندی بە دیاردە زمانییەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هەندێ دیاردەی دیکەشەوە هەیە کە لەدەرەوەی زماندان وەك ژیانی کۆمەڵایەتی و ژینکەی سروشتی و .... هتد.

# پێناسەی واتا

# چەند پێناسەیەکی واتا

بلؤم فيَلد : واتا بةوة دادةنىَ كة ( ئةو هةلَويَستةية كة رووداويَكى دياريكراوى زمان و كاردانةوةى ئةو رووداوةية لاى طويَطر). ئةم ثيَناسةية لة ضوارضيَوةى بؤضوونى رِةوشتكارةكانةوةية

فيَرس: واتا بريتيية لة ثةيوةندى دةوروبةر.

ئؤطدن و ريضاردز: لة ريَطاى ضوار توخمةوة واتا دةستنيشان دةكةن:(مةبةست ، بةها ، واتا ، سؤز) بةثيَى ئةم بؤضوونة واتا لة كؤى ئةو ضوار لايةنة دروست دةبىَ نةك جياكردنةوةيان لةيةكترى ، ئةمةش ئةوة دةطةيةنىَ ئةركى وشة بةثيَى دةوروبةر ئةركيَكى ئالَؤز و تيَكضرِذاوة ضةندين هؤكار تيَكةلَ بة دةستنيشان كردنى واتاى وشة دةبن.

كريستةلَ: يةكةيةكى دةربرِاوة بةطشتى لةلايةن ئاخيَوةر بة زمانى دايك دةناسريَتةوة ، ض لة زمانى نووسين يان زمانى ئاخاوتن.

ئؤلَمان: (ثةيوةندييةكى ئالوطؤرِة لة نيَوان طؤكراو و توخمدا)

ئةم بؤضوونةى ئؤلَمان ئةوة دةطةيةنىَ كة هةريةك لةوانة طةر بخريَتة رِوو ئةوا يةكسةر دووةميش ئامادة دةبىَ و لةطةلَ خؤيدا ثةلكيَشى دةكا وةكو دوانة ناكرىَ لة يةكترى دابِبرِيَن.

# ئامانجی واتاسازی:

# پەیوەندی واتاسازی بە زانستەکانی دیکەوە

- فەلەسەفە

- لۆجيك

- دەروونناسی

# کۆمەڵناسی

- سیمالۆژی(هێمالۆجی):
- 1- سینتتاکس پەیوەندی هێمایە لەگەڵ هێما.
- 2- سیمانتیك پەیوەندی نێوان هێمایە لەگەڵ تەن لە دەوروبەردا.
- پراگماتیك پەیوەندی هێمایە بە بەکارهێنەرەکەی.
- **بەم پێیە واتاسازی (سیمانتیك) بەشێکە لە سیمالۆجی، تەنیا جیاوازیان لەوەدایە کە سیمالۆجی لە هێما زمانی و نازمانییەکان دەکۆڵیتەوە، بەڵام واتاسازی تەنیا لە هێما زمانییەکان دەکۆڵێتەوە، پراگماتیکیش ئاستێکی دیکەی واتایە، لەهەردوو جۆری هێمای زمانی و نازمانی دەکۆڵێتەوە، کەواتە سیمانتیك و پراگماتیك دەبنە بەشێك لە سیمالۆجی.**

- فەرهەنگسازی:
-

# ئیدیەم:

- واتاسازی بەشێکە لە زانستی زمان و جا لێکۆڵینەوە لە هەر ئاستێکی زمان بکرێت ئەوا پەیوەندی بەلایەنی واتاوە هەیە:

# أ- ئاستی دەنگسازی:

## ب- ئاستی مۆرفۆلۆژی:

## ج- ئاستی رستەسازی:

ئازاد نانی بەیانی دەخوا.

ئازاد گەیشتە نانی خۆی.

ئەم دوو رستەیە واتاکەیان جیاوازە وشەی (نان) لە هەردوو رستەدا بەهۆی دەروربەری جیاوازەوە واتایەکی دیکە دەدا و واتاکەی گۆڕاوە و وشەکە لە هەردوو رستەکەدا هەمان واتا نین.

هەروەها پاش و پێش کردنی رستە واتاکەی دەگۆڕێ هەرچەندە کەرەستەکان هەمان کەرەستەش بن، وەك:

کاوە لە دارای دا.

دارا لە کاوەی دا.

ئەم دوو رستەیە هاوواتا نین هەرچەندە کەرەستەکانیش هەمان کەرەستەن، بەڵام ریزکردن و شوێنیان گۆڕانی بەسەرداهات واتاکەشی گۆڕانی بەسەرداهات، کەواتە رستەسازی و واتاسازی هەردووکیان لە خاڵی گرنگیدان بە واتای رستە یەکدەگرن و هەردووکیان رستەو کەرەستەکانی دەکەن یەکەی لێکۆڵینەوەکانیان، واتاسازی رستەش کە بەشێکی گرنگە لە واتاسازیدا، گرنگی بە واتای رستە و گۆڕان و شوێن گۆڕینی رستەکان دەدا کە دەبنە هۆی گۆڕینی واتای رستەکان.

# ئاستەکانی واتا

زمانەوانی (semiotics) بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1938 چارلس مۆریس لە کتێبەکەیدا بەناوی هێمالۆجی کردبووە سێ ئاست: (سینتاکس ، سیمانتێك و پراگماتیك)

1- سینتناکس پەیوەندی هێمایە لەگەڵ هێما.

2- سیمانتیك پەیوەندی نێوان هێمایە لەگەڵ تەن لە دەوروبەردا.

3- پراگماتیك پەیوەندی هێمایە بە بەکارهێنەر.

ئەوەی پەیوەندی بە ئاستی واتاوە هەبێ هەردوو ئاستی (سیمانتیك و پراگماتیك)ە کە تایبەتن بەلێکدانەوەی رووی ناوەوەی هێما:

دةرةوة
هيَما
ناوةوة

سيمانتيك
واتا
ثراطماتيك

هەروەها سیمانتیك بەوە لە ثراطماتیك جیادەكریَتەوە كەوا:

## سمانیتك: بەستنەوی هیَمایة بە شتەكانی دەوروبەری.

## ثراطماتیك: ثەیوەندی نیَوان هیَماو بەكارهیَنەرەكەیەتی.

جا لیَرەدا ئەطەر ثەیوەندی نیَوان ئەم دوو بوارەی واتا لە طؤشة نیطای ثەیوەندی بە تیَطەیشتن و مەبەستی قسەكەران بیَ ئەوا ثەیوەندی نیَوانیان تەواوكەری دەبیَ ، ضونكة هیض یەكیَكیكان بیَ ئەوی تریان ناتوانیَ ببیَتة سەرضاوەی واتا.

# بنەماکانی واتا

واتای سیمانتکی لەسەر دوو بنەما بەندە:

1- هێما: زنجیرە دەنگێکی ڕێك خراوەو وشـــە پێــك دەهێنێ.

2- دیاردە: شتی دەرەوەیە کە تەن و شت و ڕووداو و کەس دەگرێتەوە.

1- قسەكەر:

ئەو كەسەیە كە پەیامەكە بە مەبەستێك لە بارودۆخ و كات و شوێنێكدا بەچاوكركردنی یاسا رێزمانی و واتاییەكان دەنێرێ، كە بە زۆری لەسەر بنەمای گریمانە بنیات دەنرێ.

2- گوێگر:

ئەو كەسەیە كە پەیامەكە وەردەگرێ لە مێشكیدا شی دەكاتەوە، كاتێكیش سەركەوتوو دەبێ ئەگەر ئاگای لە بارودۆخەكە بێ و لە مەبەستی قەسەكەر بگات.

3-بابەت:

ئەو بیرەیە كە نێرەر دروستی دەكا پاشان وەری دەگێڕێتە سەر هێمایەكی گونجاو تا بەرانبەرەكەی تێ بگا.

4-دەوروبەر:

هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە كە كاریگەرییان لەسەر ئاخاوتندا هەیە، قسەكەر كاتێ قەسەیەك دەكا ئەو قسەكردنە بە دەوروبەر و بارودۆخێكی تایبەت بەستراوەتەوە كاریگەریان لەسەر واتای پراگماتیكیدا هەیە.

# رەگەزەکانی واتا

ناوی (کوڕ) مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادارە، چەند ڕەگەزێکی واتایی تیا کۆبۆتەوە:

1- کوڕ + مرۆڤ= شت

2- کوڕ+ (نێر+ گەنج)= سیفەت

3- کوڕ+ مرۆڤ

+ نێر

+ منداڵ

+ گەنج

شتەکان................ ناو، ئاوەڵناو، بەرکاری ڕاستەوخۆ

ڕووداوەکان............. فرمانەکان

سیفەتەکان............. ئاوەڵکارەکان (چەندێتی و چۆنیەتی)

پەیوەندییەکان.......... ئامرازەکانی (پەیوەندی و بەستنەوە و لێکدراو)

## ریزبەندی هەرەمی واتا

لە واتناسازیدا بچووکترین یەکەی واتا بە مۆرفیم دەست پیٚ دەکا بۆ پیٚکهاتەی چەمك و بیر( وشەکان) چەمکە ئاڵۆزەکان پیٚك دهیٚنن(فریٚز) بە چند فریٚزیٚك (رستە) دروست دەبیٚ و بەهۆی چەند رستەیەکەوە پەرەگرافی واتایی ئەمانە دەبنە پیٚکهیٚنەری رووداویٚکی یەك لەدوای یەك و دەق پیٚك دهیٚنن، لە دەقیش ئاخاوتن دروست دەبیٚ:

- رِەگەزەکانی واتا ............ مۆرفیٚم ( رِەگ، پیٚشگر و پاشگر)
- چەمکەکان.................... وشەکان
- چەمکە ئاڵۆزەکان............ فریٚز
- فریٚزەکان.................... رِستەکان
- رستەکان.................... پەرەگراف
- زنجیرە رِووداوەکان...... دەق
- دەق...................... ئاخاوتن

## یەکەکانی واتا

مشتومڕێکی زۆر لە نێوان زمانەوانانندا هەیە، لەسەر یەکەی سەرەکی واتا، ئایا وشەیە یان رستەیە، بەڵام واتا لەیەك ئاستی زماندا نابینرێ، بەڵکو لە چەند ئاستێکدا بەرچاو دەکەوێ، کە لەهەریەکەیان دەست پێبکەین یەکەی واتایی NIDA ئەوا واتاکەی جیاواز دەبێ. بۆ ئەم مەبەستە کردە چوار بەشی سەرەکی:( رستە، وشە، گەورەتر لە وشە، بچوکتر لە وشە).

رستە (1)

وشەی ئاڵۆز

وشەی لێکدراو لێکدان

ئیدیەم

گەورەترلە وشە (2)

وشە (3)

بچوکتر لە وشە(4)

مۆرفیمی بەند

فۆنێم

- 1- مۆرفیمی بەند:
- بچوکترین دانەی واتادارە کە بەتەنها نایەت، بەڵکو لەگەڵ مۆرفیمی سەربەخۆی تردا دێت و واتاکەی لەو ئەرکەیدایە کەدەیبینێ وەك( ەکە) کە ئەرکی ناساندن دەبینێ. کتێب + ەکە= کتێبەکە
- 2- وشە:
- گرنگترین یەکەی واتاییە کە واتایەکی هۆشەکی هەیە، لەگەڵ ئەوەش واتایەکی نمونەیی نییە بەڵکو واتای وشە بریتیە لە واتای وشەکە و ئەو واتایەی کە لەگەڵ وشەی تردا دروستی دەکا.

### 3- لێکدان:

ئەم جۆرە پێکهاتووە لە لێکدانی چەند فۆرمێك كە واتاكانیان لە واتای وشەكەوە وەرناگیرێن كە بەسێ شێوە دێنە بەرچاو:

**ئیدیەم:**

بریتییە لەو تێكچڕژانەی كە ئاسایی لە دوو وشە یان زیاتر پێكهاتووە، واتاكەی لە واتای كەرتەكان یان پەیوەندی ڕێزمانی ئەم كەرتانە پێشبینی ناكرێ، ئیدیەم واتای فەرهەنگی وشە وەردەگرێ و بۆ مەبەستێكی تری دەبا، وەك: (سكسووتان).

لێرەدا وشەكانی (سك، سوتان) واتای(سكسوتان)مان بۆ روون ناكاتەوە، بەڵكو واتایەكی تر دەدا وەك: منداڵی مرد. هەر بۆیەش دەبێ لەئاستی پراگماتیكدا واتاكەی لێك بدرێتەوە.

## وشەی لێکدراو و گرێ:

**وشەی لێکدراو:** ئەو وشەیە کە بەلای کەمەوە لە دوو وشەی واتادار پێکدێت. وەك (مەلاژن) کە واتای(مەلا + ژن) ناگەیەنێ، بەڵکو واتای (خێزانی مەلا) و ( مەلای ژن) دەدات.

**گرێ:** لە دیارخراوێك و دیارخەرێك یان چەند دیارخەرێك پێکدێ کە شوێنی وشە دەگرێتەوە لە رستەدا وەك: **ژنی مەلا.**

لێرەدا واتای (ژن) لەم گرێیە جیایە لە واتای ژن وەك وشە، چونکە وشەی ژن بەتەنیا دوو واتای هەیە ( wooman ) و (wife)، بەڵام وشەی ژن لەگەڵ مەلا واتای ( wife ) دەدا واتە(خێزانی مەلا).

## وشەی ئاڵۆز:

ئەو وشە نادەیەیە کە وشەیەکی سادە و زیادەیەك پێکهاتبێ، وەك(ئاسنگەر) کە لە واتای(ئاسن +گەر) پێکنەهاتووە، چونکە ناوی

## رستە -4sentence :

واتا لە سنووری رستەدا هەندێ زمانەوان بە گرنگتری دەزانن لە واتای وشەدا،چونکە وشە واتاکەی لەناو رستەدا بەدیاردەکەوێ. واتای رستە بریتییە لە واتای وشەکان+ کاریگەری رێزمانی ) بۆ نموونە ئەم دوو رستەیەی خوارەوە لە ژمارەی وشەکاندا یەکسانن، بەڵام لە ڕیزکردندا جیاوازن بۆیە واتای جیاواز دەدەن، وەك:

دارا لە رزگاری دا.

ڕزگار لە دارای دا

جیاوازی ئەم دوو رستەیە ئەوەیە رستەی یەکەم (دارا) بکەرە و (رزگار) بەرکار، لەرستەی دووەمیش (رزگار) بکەرە و (دارا) بەرکار.

## 5ـ گوتن

گوتن رستەی بەكارهێنراوە لە دەوروبەردا، بەمە واتای دەبێتە (واتای رستە + واتای دەوروبەر.وەك: ژوورەكە ساردە

ئەم رستەیە ئەگەر بخرێتە دەوروبەری گوتنەوە ئەوا واتای جیا دەدات وەك ئەوەی:

پەنجەرەكە داخە

سۆپاكە داگیرسێنە

فێنككەرەوەكە بكوژێنەوە

فەرشەكە رابخە..... هتد...

- دەق -6TEXT
- دانەیەکی سیمانتکییە و پەیوەندی بە واتاوە هەیە نەك بەفۆرمەکەوە کە بریتییە لە زنجیرە ڕۆنانێکی زمان کە یەکەیەکی گشتی تەواو پێکدەهێنێ و ڕستەکان واتای یەکتر تەواو دەکەن تا کۆتایی دەق. واتە واتای ڕستە پشت بە واتای ڕستەکانی تر دەبەستێ.

- 7Discourse-گوتار :
- ئاستێکی گەورەتر لە رستە دەگرێتەوە، بریتییە لەو قسەیەی کە ئەرکی گەیاندنی واتاو پەیامێکە بۆ کەسی بەرانبەر، لە گوتاردا مەرجی قسە و نۆبەگرتنی تیا نییە، بۆیە دەتوانین بڵێن گوتار قسەیەکە لەدەوروبەرێکدا ئەنجامدەدرێ.
-

- ئاخاوتن-8Conversation :
-

# تیۆرەکانی سیمانتیك

- 1- سیمانتیکی ئاماژەبەندیی (ناونان) reference semantic

(thought)هزر(بیر)

(Referent) ئاماژەبۆکراو(شتەکان)

(symbol)ئاماژە( هێماو وشە)

- 1-هێما: زنجیره دەنگێکی رێکخراوە وشە دەنوێنێ.
- 2- هزر: واتە ناوەرۆك وەك (چەمك، وێنە، بۆچوون).
- 3- ئاماژەبۆکراو شتەکانی دەرەوەیە( کەس ، ڕووداو، شت.... ).
- لایەنگرانی ئەم بۆچوونە هەوڵیاندا سروشتی ئاماژەبۆکراو دەستنیشان بکەن وەك:
- ناوی تایبەت ئاماژەیە بۆ کەسێکی دیاریکراو.
- کردار ئاماژەیە بۆ ئیش و ڕووداوێك لەدەرەوەدا.
- ئاوەڵناوئاماژەیە بۆ تایبەتییەکانی شت.
- ئاوەڵکردار ئاماژەیە بۆ تایبەتییەکانی کردار و ڕووداو.
- ناوی گشتی ئاماژەیە بۆ کەسێکی نادیار یان کۆمەڵە کەسێك.

- بەپێی ئەم تیۆرە واتای وشە (هێما) ئاماژەیە بۆ کەرەستەیەك کە لە راستیدا خودی کەرەستەکە نییە، بەم پێیە بنەماکانی ئەم تیۆرییە بەم شێوەیە ڕاڤە دەکرێ:
- 1ـ پەیوەندی نێوان (هزر وئاماژە(هێما)) پەیوەندییەکی راستەوخۆیە، یان بەپێی ڕێککەوتە بەتایبەتی لە وشە سادەکانی زماندا.
- 2ـ پەیوەندی نێوان ئاماژە( هێما) و ئاماژەبۆکراو پەیوەندییەکی ناراستەوخۆیە یان هیچ پەیوەندییەك لە نیوانیاندا نییە. بۆنموونە:
- 3ـ پەیوەندی نێوان هزر و ئاماژەبۆکراو(شتەکان) دەکرێ راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بێت بەم شێوەیە:

- أـ ئەگەر شتەکە بینراو و لەبەرچاو بوو، ئەوا دەکریٚ پەیوەندییەکە راستەوخۆ بیٚ وەك (سور، مندالٚ،چیا ، گولٚ).
- ب-ئەگەر ئاماژەبۆکراو(شت)ەکە لەبەرچاو نەبوو، تەنها ویٚناکرا لە ریٚی هەندیٚ دیاردەی تایبەت بە ئاماژەبۆکراوەکە وەك ( وەسف کردن، کردارەکان....) ئەوا پەیوەندییەکە ناراستەوخۆ دەبیٚ.
-

# کەموکورپییەکانی تیۆری ئاماژە

- 1

## 2Behaviourism theory -تیۆری رەوشتی

# تیۆری رەوشتی لەسەر چەند بنەمایەك دامەزراوە

- 1-ڕەوشت هەموو هەڵسوکەوت و رەفتار و جوڵە و ئاماژانە دەگرێتەوە کە دیار و هەستپێکراو و وروژێنەرن.
- 2-هەموو وێناکردن و بیر و بیرۆکەیەك لەبارەی هەر شتێکەوە بێ نابێتە رەوشت و وەك رەوشت سەیر ناکرێ، تا ئەو کاتەی دەچێتە قۆناغی هەست پێکردن و بەرجەستە بوونەوە ، هەروەها دەرکەوتن و پیادەکردنی لە زماندا لە دۆخ و حاڵەتێکدا دەبێت بتوانرێ رووداوەکان ببینرێ، یان هەستیان پێ بکرێ، بەو شێوەیەش هەندێك ناوی (رەوشتی زمانی) لەو دۆخ و حاڵەتە دەنێن.
- 3-ئاخاوتن لای رەوشتییەکان بریتییە لەو هەلوێستەی کە قسەکەری تێدایە و وروژێنەر و وەڵامدانەوە رۆل لەو هەڵویستەدا دەبینن، بەم شێوەیە:

- 4-بەرهەمهێنانی وشەی یەکەم هۆکارێك دەبیٚ بۆ وروژاندنی زیاتری ناوەوە، وروژاندنی زیاتری ناوەوەش وشەی نوێی پیٚ ئەنجام دەدریٚ و بەم شێوەیە بەردەوامی بە ئاخاوتن دەدریٚ.
-
- بلۆمفێلد باری گوتن بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:

- 1-کردەی پێشگوتن.
- 2-کردەی گوتن.
- 3-کردەی دوای گوتن.

# کەموکورتییەکانی ئەم تیۆرە

# 3-تیۆری بەکارهێنان یان تیۆری سیاق:
# CONTEXT THEORY

- 1-لەپایزدا گەڵاێ دارا دەوەرێ                    درەخت
  2-دارێکم لە کوڕەکەدا                    داردەست(کوتەك)
  3-لە دار درا                    سێدارە
  4-داری بە روحی دادا                    ئازاردان

- کلیمەر چوار جۆرە دەوروبەری دەستنیشان کردووە:

- 1- دەوروبەری زمانی:
- 2-دەوروبەری دەروونی( سۆز و خۆشەویستی)

- <u>3-دەوروبەری فیزیکی:</u>
- 1-ئەم کۆڵانە دەرناچێت.
- 2- پێڵاوەکانت مەشۆ.
- 3-بەیانیت باش.
- 4-لە دوێنەوە خەریکی خوێندنەوەیە.

- ***4-دەوروبەری کەلتوری:***
- ژنی جوتیار کارەکەری ماڵی ئاغا بوو.
- ئەم بەکارهێنانەی وشەی(ژن) ئاماژەیە بۆ چینی هەژار.
- خانمی وەسمان پاشای جاف.
- خانم کە بەمانای ژن دێ ئاماژەیە بۆ چینێکی پایەبەرزی ناو کۆمەڵ.
- هەروەها لە وشەکانی ( سەندەویج- لەفە)، (تەوالێت- ئاوێنە)
- (دایکی مندالاّن- هاوسەر- خێزان- مندالّەکانم) دەوروبەرە کەلتوورییەکە واتای ئەم وشانە روونەدەکەنەوە.

# 4

## 4ـ سیمانتیکی پێکهێنان componential semantic

شیکردنەوەی پێکهاتە component- analyses

- شرۆڤەکردنی وشەکانی ناو کێڵگە واتاییەکان.
- شرۆڤەکردنی وشەکانی ناو پەیوەندییە واتاییەکان.
- شیکردنەوەی وشەیەك لەسەر بنەمای پێکهێنەرەکانی.
- بۆنموونە ئەم رستەیەی خوارەوەوە دەتوانین لەسەر هەرسێ تەوەرە شیبکەینەوە:
- دارا دوو داری دیت
- بکەر بەرکار کردار پێکهێنەری رستەسازی
-
- دارا ( + نێر ، + ژیر ، + مرۆڤ ) لەڕووی پێکهێنەری واتاییەوە.
- دار ( + مادە، - ژیر، - مرۆڤ ) لەڕووی پێکهێنەری واتاییەوە.

- واتای وشەکان بە پێی بنەماکانی تیۆری شیکردنەوە لێك دەدرێتەوە:
-
- 1- نیشانەی واتایی (semantic featurers)

- نیشانەی ڕێزمانی -2 grammatical marker
- سیمای جیاکەرەوە -3Distinguisher

- وشەکانی زمان لەسەر بنەمای سێ ئاستی پلەدار شیدەکاتەوە
- 1-شیکردنەوەی واتای وشەکان بەپێی کیڵگەی واتاییان و دیارخستنی ئەو جۆرە پەیوەندییەی، کە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، وەك: ( هاوواتا، واتادژی، داپۆشین، جیاوازی.... هتد)
- 2-شیکردنەوەی واتای وشە (فرەواتاو هاودەنگەکان) بۆ پێکهێنەرەکانیان وەك:
- شیر(1) = + سپی + تیژ + رەق + چەك ( شمشێر)
- شیر(1) = + سپی + شلە + تام + چەك ( شیری خواردنەوە)
- 3-شیکردنەوەی تاکە وشە بۆ پارچە پێکهێنەرە جیاوازەکانی، وەك:
- (کچ) + مرۆڤ + هەراش + مێ – شووکردن.

- -هەروەها لە رێی نیشانە واتاییەکانەوە دەتوانین وشە واتادژەکان دەستنیشان بکەین چونکە ئەگەر دوو وشە واتادژبن ئەوا لای کەمەوە یەکێ لە سیما واتاییەکانیان دژی یەکتر دەبێ. بۆ نموونە هەردوو وشەی (ژن و پیاو) دەهێنینەوە:
- ژن= +مرۆڤ+هەراش - نێر
- پیاو= +مرۆڤ+هەراش + نێر

- 4- هەر لەرێی شیکردنەوەی وشە بۆ نیشانە واتاییەکانیان دەتوانین هەردوو دیاردەی هاوبێژی و فرەواتایی دەستنیشان بکەین چونکە ئەگەر وشەیەك دوو واتا بگەیەنێ لە خاڵێکی گرنگی سیما پێکهێنەرەکانی ئەو دوو واتایە یەك بگرن ئەوا دیاردەی فرەواتا دروست دەبێ. وەك:
- شاخ
- 
- چیا قۆچ
- + بەرزی +بەرزترین شوێنی ئاژەڵ
- +ڕەقی +ڕەقی
- +بێگیان +زیندووە

- ئاشكرا دیاره ئەو دوو واتایە لە خاڵێك زیاتر هاوبەشن بۆیە دەكرێ بە فرەواتایی دابنرێن.
- بەڵام كە سەیری نیشانە واتاییەكانی هەردوو واتای وشەی (خاڵ) بكەین دەبینین هیچ پەیوەندییەك كۆیان ناكاتەیوە ، بۆیە ئەو دوو واتایە وەك دوو وشەی جیاوازو هاوبێژ سەیر دەكرێن وەك لەم هێلكارییە دەردەكەوێ:
-
- خاڵ
- برای دایك شامە
- + مرۆڤ + پەڵەیەكی شینە
- + نێر + لەسەر ئەندامی لەش دەكوترێ
- + زیندووە + پێگیانە

- چەند نموونەیەك لە دارِشتەی دروستەی وشە لە زمانی کوردیدا
- 
- دارِشتەی دروستەی وشەی/منداڵ/
- منداڵ
- 
- ژن نەهێنراو شوونەکردوو
- /کورِ/ / کچ/

- هێڵکاری وشەی /پیاو/ و نیشانە واتاییەکانیان
- 
- پیاو1 (مرۆڤ)
- 
- پیاو2 ئافرەت
- - ژنهێنراو +ژنهێنراو - شووکردوو + شووکردوو
- 
- کوڕ بێوەپیاو کچ ژن
- 
- گەورە کچ بێوەژن
- (قەیرە)

# جۆرەکانی واتا

# 1COGNITIVE - واتای بنجی(هۆشەکی)

2connotative- واتای لاوەکی (بارکراو) -

ئەم جۆرە واتایە بەسەر چەند جۆرێکی دیکەی واتادا دابەش دەبێ:-

1stylistic meaning - واتای شێوازی

# واتای بابەتی-thematic meaning:

أ – خانزاد خەلاَتی یەکەمی بەخشیوە.

ب-خەلاَتی یەکەم لەلایەن خانزادەوە بەخشراوە.

3-reflected meaning واتای رەنگدانەوە

# • پەیوەندییە واتاییەکان.

- پەیوەندی واتاییەکان پەیوەندی لۆژیکی نێوان واتای وشەکانی زمانە یاسایەکی ئاڵۆزی هەیە و پەیوەندی نێوان دانەکانی زمان دەگەیەنێ کە مەبەست تیایدا پەیوەندییەکانی ناوەوەی زمانە. هەروەها ئەم پەیوەندییانە تەنیا لەنێوان خودی وشەکان نییە بەڵکو لەنێو رستەشدا ئەو پەیوەندیانە دەگرێتەوە لەنێوانیان دروست دەبێ. ئەم پەیوەندییانە دەورێکی گرنگ دەبینن لە روونکردنەوەو ئاسانکردن و لێکدانەوەی واتای وشەدا چونکە بەشێکی زۆری واتاداری وشە لەبوونی پەیوەندی و بەرانبەریکردنی وشەکان روون دەبێتەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی واتا خۆی دیاردەیەکی ئاڵۆزە بۆیە زیاتر واتا لە پەیوەندی وشەکان بەیەکترەوە دەردەکەوێن ئەمەش لە ڕێگای پەیوەندی کردن و بەیەکەوەهاتنی وشەکان دەبێ لەفەرهەنگ و ئاخاوتن و رستەدا. پەیوەندییە واتاییەکانیش دوو جۆری سەرەکی دەگرنە خۆ:
- پەیوەندی ستوونی 2- پەیوەندی ئاسۆیی

- **پەیوەندی ستوونی 1ـ paradigmatic:**
- **پەیوەندی ستوونی کە پەیوەندی جێنشینیشی پێ دەوترێ بریتییە لە پەیوەندی فەرهەنگی نێوان وشەکان و گۆڕینی وشەیەك بە وشەیەکی دیکە لەهەمان ژینگەدا لەسەر باری ستوونیدا، بێئەوەی کار لە رستەکە بکات و واتاکەی بشێوێنێ.**
- **واتە دەتوانین چ وشەیەك لە شوێنی کەرەستەکانی ناو رستەکە دابنێین لە ئاستی ستوونیدا بتوانێ شوێنی بگرێتەوەو واتای رستەکە تێکنەچێ.**
- **باخەوانەکە گوڵەکان ی رواند**
- **منداڵەکە نەمامەکان چاند**
- **دارەکان ناشت ژنەکە**
- **پیاوەکە**
- **لە هەنگاوی یەکەمدا کەرەستەی باخەوانەکەمان گۆڕی بەو وشانەی لەژێریەوە هاتوون بەهۆی ئەو پەیوەندییە ستوونیەی کە لەنێوان رستەکە واتای تێك نەچوو، هەروەها لە هەنگاوی دووەم کەرەستەی بەرکارەکەمان گۆڕی بەهۆی ئەو پەیوەندییە ستوونیەی کە لەنێوان ئەو وشانەی ژێریەوە هەیە، رستەکە تێکنەچوو، هەروەها لە کردارەکەش بەهەمان شێوە.**

- **1synonymy( ـ هاوواتایی( سینۆنیم __**
- جۆرێکە لە پەیوەندی نێوان وشەکانی زمان و بۆ زمان گرنگ و پێویستە چونکە یارمەتی ئاخێوەر دەدا بۆ دەربڕینی وشەو بەکارهێنانی فۆرمێکی دیکەی زمانی بەهەمان واتا گەر هاوواتایی نەبێ هەر واتایەك یەك تاکە وشەی بەرانبەر دەبوو ئەوسا زمان ئاڵۆز دەبوو چونکە مرۆڤ لەهەموو کاتێکدا ناتوانێ ئەو وشانەی بەبیردابێتەوە کە بۆ دەربڕینەکەی بشێ بۆیە لەبری ئەوە وشەیەکی دیکەی بەربیردادێ کە هەمان واتا بگەیەنێ، ئەمەش ئاسانکارییە بۆ زمان و ئاخاوتنی مرۆڤ و هۆکارێکیشە بۆ دەربڕینێکی جوانتر چونکە هەندێ وشە گەر دەربڕینێکی جوانی نەبێ دەشێ بە فۆرمێکی دیکە واتایەکی جوانتری پێببەخشێ کە هەرهەمان واتای فۆرمی پێشوو بگەیەنێ.
-

- **<u>سەرچاوەی دروست بوونی هاوواتا:</u>**

- واتادژی 2ـantonym:
-
-
- **واتادژی تەواو أـcomplete antonymy:**
-

- **ب ـ واتادژی پلەدار gradable:**
-

- **ج ـ پێچەوانەیی converseness :**
- 

- **واتادژی ئاراستەدار ـ د directional :**

- <u>3hyponymy: ـ هاپیۆنیم</u>
- یەکێك لە پەیوەندییەکانی نێوان وشەکانی زمان داپۆشین(هاپیۆنیم)ە کە هەندێ جار گرتنەوەشی پێ دەوترێ.
- هاپیۆینم بریتییە لە پەیوەندی گشتی بەتایبەتەوە، یان بریتییە لەو پەیوەندییەی کە وشەی تایبەت بە گشتییەوە دەبەستێتەوە.
- 

- **<u>4part- whole relation ـ بەش لە گشت :</u>**
- ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان (دەست) و لەشی مرۆڤدا هەیە یان لە نێوان تایە و ئۆتۆمبێلدا هەیە، جیاوازی ئەم جۆرە پەیوەندییە لەگەڵ پەیوەندی هایپۆنیم ئەوەیە دەست جۆرێك نییە لە لەشی مرۆڤ، بەڵام لە هایپۆنیمدا بۆنموونە نێرگز جۆرێکە لە گوڵ نەك بەشێك بێ لەگوڵ، واتە جیاوازییەکە لەنێوان جۆر و بەشدایە.
- ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێ ئەو پرسیارەیە، کە ئایا بەشی بەش بەشێکە لە گشت، یەکەمیان بەبەشێك لە گشت دادەنرێ، بەڵام ئەویتریان بەبەشێك لە گشت دانانرێ، بۆنموونەپەیوەندی نێوان دەسك و دەرگاو ماڵ، دەگوترێت دەسکی دەرگا ، هەروەها دەشگوترێ دەرگای ماڵ، کە ئەمە هەردووکیان بەشێکن لە گشت،بەڵام بۆ

- <u>5Incompatibility ـ جیاوازی</u>
- **جیاوازی بەش لەگشت: ئەو جیاوازیانە دەگرێتەوە کە لەنێو ئەندامەکانی بەش لە گشت دان وەك: کتێب و بەرگ، گەڵا و دار، پەنجە و دەست....تاد.**

- جیاوازی بازنەیی: ئەو وشە جیاوازانە دەگرێتەوە کە بەدوای یەکیدا دێن و هەریەك دەتوانێ ببێ بە وشەی سەرەتا یان کۆتایی وەك رۆژەکانی هەفتە: 0 شەممە، یەکشەممە....تاد) یان مانگەکانی ساڵ.
- جیاوازی پلەدار: ئەو جیاوازیانە دەگرێتەوە کە پلە پلە سەردەکەون یان دادەبەزن، وەك: پلەی زانستی( مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر) یان پلەی سەربازی، یان قۆناغەکانی تەمەن( منداڵ، مێردمنداڵ(هەرزەکار)، گەنج، جوامێر، پیر)

- جیاوازی داپۆشین: ئەو جۆرە جیاوازییە دەگرێتەوە کە لەنێوان ئەندامەکانی داپۆشیندایە وەك ئەو جیاوازییەی لە نێوان (مەڕ و بزن) دا هەیە کە هەردووکیان وشەی (ئاژەڵی ماڵی) دایاندەپۆشی.
- جیاوازی بواری واتایی(کێڵگەی واتایی): لەناو کێڵگەیەکی واتاییشدا بەدی دەکریێ، وشەکە دەکریێ دژ بە واتای وشەیەکی دیکە بیێ ئەگەر هاتوو ئەو بۆ سەلماندنی وشەی یەکەم نەریێ بیێ بۆ ئەوانی کە کە لەناو هەمان کۆمەڵەدان بۆ نموونە وشەکانی خزمایەتی کە لەناو یەك کێڵگەی واتاییدان وەکو( براـ باوك ـ خوشك ـ دایك ....تاد) ئەگەر بێتو بڵێین:
- دارا برای نەوزادە.
- ئەوا لێرەدا وشەی (برا) دەبێتە نەرێی وشەی (خوشك) یان (باوك).

- 2syntagmatic ـ پەیوەندی ئاسۆیی:
- دراوسێیەتییەکە لەنێوان توخمە بەشداربووەکانی یەک رستەدا بەدی دەکرێ، ئەو پەیوەندیانەش بە زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراوەوە کە وشەکان بەیەکەوە گرێ دەدا ناودەنرێ، ئەمەش دەبێتە تایبەتمەندییەك بۆ پێکهێنانی رستە لەئەنجامی ئەو یەك لەدوای یەك بوونەی کە وشەکان دەیگرنە بەر و کاریگەرییان لەسەر یەکتری دەبێ و ئەو کاریگەرییەش پابەند دەبێ بە پێش و دواوەی هەریەك لەو زنجیرەیەوە.
- بۆنموونە
- باخەوانەکە گوڵەکانی چاند.

- کەواتە ئەم جۆرە پەیوەندییە گونجان و نەگونجان لەنێوان وشەکان دەگرێتەوە لەم رستەیەی سەرەوەدا ئەو وشانەی بەیەکەوە دەگونجێن بەیەکەوە هاتن و پەیوەندییەکی دروست لەنێوان کەرەستەکانی رستەکە دروست بوو.
- هەروەها ئەگەر بڵێین:
- پشیلە گۆشتەکەی خوارد.
- لە تەوەری ستوونیدا وشەی پشیلە بگۆرینەوە بە:
- سەگەکە گۆشتەکەی خوارد

- أـ هاوڕێیەتی:
- هاوڕێیەتی واتە پەیوەندی ئاسایی بەیەکەوە هاتنی وشەیەك لەگەڵ هەندێ وشەی دیکە لەناو ڕستەیەکدا لەسەر بنەمای ڕێککەوتن، پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوان وشەکانی زمان پەلەدارە، هەندێ وشە هەن ڕادەی بەکارهێنانیان بەرزەو هەندێکی تر نزمە، لێرەدا کەرەسەی بەدەسەڵات بەتەواوی زاڵە بەسەر کەرەستەی بێ دەسەڵات، لەهەر شوێنێکدا بێ بەدوای خۆیدا رایدەکێشێن ئەم ڕاکێشانەش پێی دەوترێ ( کۆتی هاوڕێیەتی) بۆ نموونە:
- منداڵەکە ( شیر، ئاو، چای، شەربەت.....) دەخواتەوە.

- ب ـ هەڵبژاردن:
- دوو وشە یان زیاتر کە بەیەکەوە دێن هەندێ کۆت دەخەنە سەر یەکتری ئەو کۆتانە پێیان دەوترێ کۆتی هەڵبژاردن. لە ئاخاوتندا ئەو وشانەی کە لە ڕووی ئاسۆییەوە وەکو کەرەستەی رستە بەکاردێن دەبێ بەیەکەوە گونجانیان لەنێوانیاندا بێ و هەر وشەیەك لە ڕووی واتایی و ئەرکەوە ئەو وشەیە هەڵدەبژێرێ کە لەگەڵیدا دەگونجێ لە سنووری رستەکەدا، کەواتە بەیکەوە هاتنی بکەر و بەرکار کە ئەرکی رستەکەیان دەکەوێتە سەر دەبێ لە رووی واتایی و پەیوەندی ئاسۆییەوە لەگەڵ یەکتر بگونجێن و یەکتری هەڵبژێرن بۆئەوە بەیەکەوە واتایەکی تەواو و لۆجیکی بدەن بەدەستەوە، ئەمەش جگە لە پەیوەندی هاورێیەتی ئەوا کۆتی هەڵبژاردن تەواوکەری رستەکەیە، هەرجۆرە کردارێکیش خۆی جۆری بکەر یان بەرکارەکە دیاری دەکا، بۆنموونە کرداری ( گوێگرتن) کۆتی هەڵبژرادن دادەنێ ئەم جۆرە بکەرە هەڵدەبژێرێ:

- دەبێ بکەر زیندوو بێ وەك مرۆڤ و گیانلەبەر.
- دەبێ کۆئەندامی بیستنی هەبێ.
- هەروەها دەبێ بەرکاریش:
- دەنگ بێت، بۆنموونە: - گوێی لە مۆسیقاکە گرت.
- سەرچاوەی دەنگ بێ، بۆ نموونە: - گوێی لە ڕادیۆکە گرت.

- شتێك بێ بچێته شێوەی دەنگن بۆنموونە: گوێی لە هەقایەتەکە گرت.
- بەڵام ناتوانین بڵێن گوێی لە دارەکە گرت، چونکە دار سەرچاوەی دەنگ نییە، بۆیە ( گوێگرتن و دار) بەیەکەوە نایەن.
- هەڵبژاردنی ناتەواویش لە پەیوەندی ئاسۆیی رستەدا واتای نائاسایی دەهێنێتە کایەوە کە دوو جۆری هەیە:
- 1ـ هەڵئاوسانی واتایی: لە ئەنجامی دووبارە بوونەوەی کەرەستەکان دروست دەبێ، وەك:
- فرمێسکی لە چاو دەهاتە خوارێ.
- لێرەدا (لەچاو) وشەیەکی دووبارەیە چونکە ئەگەر لەرستەکەش نەبێ خۆی شتێکی سروشتیە فرمێسك تەنیا لەچاو دێتە خوارەوە بۆیە بوونی پێویست نییە و هەڵئاوسانی واتایی دروست کردووە.

- 2ـ پێکدادانی واتایی:

# کێڵگە واتاییەکانsemantics fild

**کێڵگە واتاییەکان کە (بوارە واتاییەکان) یشی پێدەوترێ جۆرێکە لە پەیوەندی نێوان وشەکانی زمان.**
**کێڵگەیەکی واتایی ئەو کۆمەڵە وشە دەگرێتەوە کە بە هەموویان بوارێکی بیری دەگرنەوە و پەیوەندییەکی واتایی ئاشکرا لە نێوانیاندا هەیە، بۆ نموونە هەموو ئەو وشانەی باسی ڕەنگ دەکەن : سپی، رەش، سەوز، قاوەیی، شین، سوور..تاد وشەی (ڕەنگ) لە زمانی کوردیدا کۆیاندەکاتەوەو سەر بە کێڵگەی واتایی ڕەنگ دەبن.**

# تایبەتمەندییەکانی کێڵگە واتاییەکان:

1ـ هەموو کەرەستەکانی زمان  و یەکە زمانیەکان لە هەرئاستێکی زمانیدا بن دەبێ سەر بەیەکێك یان زیاتری کێڵگە واتاییەکان بن، واتە کەرەستە نییە لە زماندا سەر بە کێڵگەیەکی واتایی نەبێ.

أـ لە ئاستی دەنگسازیدا، کێڵگەی واتایی دەنگ (فۆنیمەکان وەك: أ ب پ ت ....).

دەنگە سروشتییەکان:( کۆکە ، پژمە، هاژە، خوڕە.....)

ب ـ لە ئاستی وشەسازیدا: کێڵگەی واتایی ناو.....، کێڵگەی واتایی ئاوەڵناو... تاد.

2ـ دەکرێ وشەیەك لە کێڵگەیەکی واتایی زیاتر بەشداربێ بۆ نموونە:

•بواری واتایی پیشەیی( جوتیار، کرێکار، زەڕەنگر، مامۆستا، بازرگان....)

ب ـ بواری واتایی خوێندن: ( مامۆستا، خوێندکار، خوێندنگە.... تاد).

دەبینین وشەی (مامۆستا ) لەهەردوو بواری پیشەیی و خوێندندا بەشداربووە.

3ـ ناكریٚ وشەكانی بوارێكی واتایی بە دابڕاوی باسبكریٚ، چونكە بەهای وشەكانی زمان لەو پەیوەندییەوە دیٚ كە وشەكانی ناو بوارێك لەگەڵ یەكتردا پەیدای دەكەن).

بۆ نموونە وشەی (فێنك) لە زمانی كوردیدا واتای نابێت تاوەكو پەیوەندی لەگەڵ سارد و گەرمدا دیاینەكرێت.

4ـ دەكریٚ بوارەكان تێكبچڕژێنرێن و بواری نویٚ پێكبهێنن،وەك: بواری پیشەو فێركردن (راهێنان، دەرسدان، هتد...) بە هەموویان بوارێكی نویٚ پێكدەهێنن كە بە بواری (چالاكی) دەناسرێتن.

5ـ وشەی هاوواتا و دژواتا دەتوانن بەیەكەوە بوارێك پێك بێنن.

# تەمومژی واتایی

# یەکەم: هاوبێژی

# Homophone

- ڕان1 : ئەندامی لەش.........ڕان
- ڕان2: مێگەل
- مۆر1 : مۆری فەرمانگە (تەبغە)...........مۆر
- مۆر2: ڕەنگ
- ئاش1 : شوێنی هاڕینی دانەوێڵە.........ئاش
- ئاش2: چێشت، شیو

- خەم.......... خەم1 : غەم و خەفەت
- خەم2: خوار، پێچ و لوول
- دەم..............دەم1 : زار
- دەم2: کات
- شین............شین1 : گریانی بەکوڵ
- شین2: ڕەنگی شین
- ئاش...........ئاش1 : شوێنی هاڕینی دانەوێڵە
- ئاش 2 : خواردن , شێو

- جۆرەکانی هاوبێژی:
- 1ـ هاوبێژی تەواو:
- ئەو وشانەن کە لەنووسین و وتندا وەکوویەکن، بەڵام دەبێت واتایان جیاواز بێت. یان دەکرێت بڵێین کە هەمان فۆڕمو هەمان دەنگ بەڵام واتای جیاواز، لەفەرهەنگدا تۆمار دەکرێن، وەکو:.
- ئاخ .............ئاخ1 : وشەی دەربڕی خەمو خەفەت
- ئاخ2: خاك

- 2ـ هاوبێژی ناسروشتی:

- 3ـ هاوپیتی:
- 
- 

# 4 ـ هاودەنگی

- Knightسوارچاك
- Nightشەو
- Writeنوسين
- Rightڕاست
- Riteڕێوڕسمی ئاینی
- له فارسيدا:
- كرم.........كرم1 : كرمی زەوی
- كرم2: بەخشش (كه به كەرەم) دەخوێندرێتەوە

- لەگەڵ ئەوەشدا ( د.محمد محوی )پێیوایە ئەم دیاردەیە لەزمانی کوردیدا هەیەو ئەم نمونانەشی هێناوەتەوە , ( دەمویست / دەستبەجێ ) ( دەم و دەست / دەم لەگەل دەست ) , ( دەست گرتن / یارمەتیدان ) ( دەست گرتن / دەست خستنە ناو دەستی یەکتریە وە وەك لەهەڵپەڕیندا ) ئەم نمونانە لە نێوان دووئاستی زماندان و لە چەشنی نیمچە هاودەنگی یان هاودەنگی ناتەواون .

- **4- هاوبێژی سروشتی :**

- 2– خەم :
- خەم1 : داخ و خەفەت -
- خەم2 : کەچ – خوار – پێچی زوڵف و ئەگریجە -
- 3- باڕێزە :
- باڕێزە 1: گیایەکە لاسکی درێژو ڕەش باوە -
- باڕێزە 2: بارانێك بەباوە بباریٚ -
- 4– بەور :
- بەور1 : جۆرە پڵنگێکە -
- بەور2 : بەفر -

# **دووەم: فرەواتایی Polysemy**

- بەردانەوە: 1 ) بەردانی ئاوی گیراو.
- 2) فڕێدانی شتێك لەبەرزاییەوە.

- ئاگرنانەوە: سوتاندنی شوێنێك
- ئاگرنانەوە: ئاشووبنانەوە

- 
- ئەندامێکی لەش
- زمان
- 
- بۆنموونە:                                                                                   زمان
  خاو
- 
- کەسێك چاوی باش نابینیٚ
- کەسێکی نەشارەزا و نەزان
- کەسێکی لەخۆبایی بوو
- 
- 
- 

# هۆکارەکانی پەیدابوونی فرەواتایی:

- پۆشاك لەبەركردن
- لەبەركردن
- هۆنراوەلەبەركردن
- واتای وشە بەپێی سیاق:
- هەروەها شوێنی وشە رۆلی خۆی دەبینیٚ لە دیاریکردنی واتای وشەدا:
- ئەندامی بینین
- چاو سەرچاوەی ئاوی کانی و بیر
- چاوی زۆپا

## جیاوازی نێوان هاوبێژی و فرەواتایی: